# لێدوانی وتەبێژێك بەناوی كۆمیتەی سلێمانی حزبەوە:

ئەمڕۆ 2005/12/2 كۆمیتەی سلێمانی هەستا بە بڵاوكردنەوەی ژمارەیەكی زۆر لە لێدوانی لیدەری حزب ڕێبوار ئەحمەد (**لێدوانێك بۆ رای گشتی: دەربارەی كێشمەكێشی نێوان حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی و یەكێتی نیشتمانی كوردستان**)و ڕاگەیاندنی كۆمیتەی رابەری ڕێكخراوی كوردستان (**پەرچەمی ناڕەزایەتی دژ بە گەندەڵی، بە گەندەڵیی یەكگرتووی ئیسلامی لە بار نابرێت!**).

لەكاتی بڵاوكردنەوەی ڕاگەیاندنەكاندا هێزەكانی ئاسایشی سلێمانی هاوڕێیان (زمناكۆ عزیز، كامەران لەتیف، سعید مستەفا) دەستگیر دەكەن و ڕاپێچی ئاسایشیان دەكەن و پاش لێكۆڵینەوە ئازادیان دەكەن. شایانی باسە كە ئاسایشی سلێمانی پێی ڕاگەیاندون بڵاوكردنەوەی ڕاگەیاندن بەبێ مۆڵەتی ئاسایش قەدەغەیە! وە لە پەیوەند بەم مەسەلەیەوە مشتومڕ لە نێوان هاوڕێیان و بەرپرسانی ئاسایشدا ڕوویداوە.

جێگەی باسە ئەم ڕاگەیاندنانە جێگەی پێشوازی گەرمی هاوڵاتیان بووە و پاش تەواو بوونی نوسخەكان خەڵكێكی زۆر داوای ڕاگەیاندنەكانیان لە هاوڕێیان كردوە.